**کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان**
**Kurdistan National Congress (KNC)**
**Kongrey Nîştmanîya Kurdistan**
**WKA, Palingswich House, 241 king Street, London,**
**W 6 9 L P, U K. E-mail; wka@knc.org.uk**

# ڕاگەیەندراوەی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان،

# سەبارەت بە هێرشی دڕندانەی ڕژێمەکانی داگیرکەری تورکیا و ئێران!

**هاونیشتمانانی هێژا!**
**کەسایەتی و نیشتمانپەروەران و، ئازادیخوازانی کورد!**
**پارتی و ڕێکخراوەکانی کوردستان!**

ڕژێمەکانی خوێنڕێژ و داگیرکەری تورکیا و ئێران، ماوەی چەندین مانگە، شەپۆلێکی تازەی کوشتنوبڕین و سووتاندنی کێڵگە و باخ و دۆڵ و چیا و دارسانی کوردستانیان دەستپێکردووەتەوە. ئەم دوو ڕژێمە دڕندەیە، بەبێگوێدانە هەموو یاسا و پرنسیپێکی مرۆڤی و نێونەتەوەیی، بەئاشکرا و بەبەرچاوی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتییەوە، هەوڵی لەنێوبردنی نەتەوەی کورد دەدەن.

سەرەڕای هەوڵی بەردەوامی پارتی کرێکارانی کوردستان بۆ چارەسەرکردنی ئاشتییانەی کێشەی گەلی کورد لەنێوخۆی تورکیادا، کەچی ڕژێمی ڕەگەزپەرستی تورکیا، ئامادەنییە دان بەهەبوونی کورد لەچوارچێوەی سنووری دەستکردی وڵاتەکەیدا بنێ و، وەرامی سەرۆکایەتیی پێ کێ کێ بە بۆمبا و کوشتنوبڕینی ڕۆڵەکانی کورد و، سووتاندنی دۆڵ و چیای کوردستان دەداتەوە. ڕژێمی داگیرکەری ئێرانیش، شانبەشانی سوپای تورکیا، هەوڵی لەنێوبردنی هێزی پێشمەرگەی کورد دەدا و، لەنێوخۆی شارەکانی ڕۆژهەڵاتیش بەردەوامە لە تیرۆرکردن و گرتن و لەسێدارەدانی ڕۆڵەکانی کورد.

سەرەڕای هەموو پێشکەوتنەکانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیی کە لەبوارەکانی مافی مرۆڤ و ئازادییەکانی تاک و کۆمەڵ لەئاستی جیهاندا بەدەستیهێناوە، لێ دژایەتیکردنی نەتەوەی کورد و پشتگوێخستنی مافەکانی، وەک سیاسەتێکی نەگۆڕ و هەمیشەیی لەلایەن داگیرکەرانەوە پێڕەودەکرێن. ئەمەش ئەو ڕاستینەیە دەسەلمێنێت، کە ئەو ڕژێمانەی وا کوردستان بەسەریاندا دابەشکراوە، بەهۆی پێشینەی کۆن وهەزاران ساڵەیان لەرەگەزپەرستی و قڕکردنی گەلانی بندەستیان، تاقیکاری و پرۆسەیەکی بەردەوامی دەیان ساڵەیان پێویستە، کە لەڕووی هزری و بیری ئازادیخوازی ودیمۆکراسییەوە گۆڕانیان بەسەردابێت. لەبەر ئەوە، هەڵەیەکی گەورەیە کە

سەرکردەیەتیی پارتی و ڕێکخراوەکانی کوردستان، خەبات و قوربانیدان و چارەنووسی کێشەی کورد، گرێدەن بەوەوە نەتەوەی کورد چاوەڕوانی ڕۆژگار و زەمانێک بکات، کە ڕژێمەکانی داگیرکەر و نەتەوەکانی باندەستی کورد ببن بە دیمۆکرات وئازادیخواز، ئەوجا داوایان لێبکرێت مافی ئازادی و یەکسانیی بۆ کورد بەرەوابزانن.

تاکەڕێگە و، چارەسەریی بنەڕەتیی، لەیەکگرتنی کورد و پێڕەوکردنی ستراتیژێکی ڕۆنی نەتەوەییدایە بە ئامانجی ڕزگاریی یەکجارەکیی کوردستان لەژێردەستی داگیرکەران.

کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان، وێڕای شەرمەزارکردنی هێرشی دڕندانەی داگیرکەرانی ئێران و تورکیا بۆ سەر کوردستان، داوا لەتێکڕای پارتی و ڕێکخراوەکانی کوردستان دەکات، لەدەوری پلاتفۆرم و بەرنامەیەکی هاوبەشی نەتەوەیی و، لەژێر چەترێکی یەکگرتووی کوردستانیدا کۆببنەوە و، تێبکۆشن بۆ یەکخستنی هێزوتوانای تێکڕای جەماوەری کورد لەهەموو بەشەکانی کوردستان. داوا لە کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان بکرێت سەرپەرشتیی ڕفراندۆمێکی ئازاد بکەن لە کوردستان، بۆ ئەوەی گەلی کورد بتوانێت لەسەربەستیی تەواودا دەنگ بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆیبدات.

**لەم پێوەندەدا، نەتەوەی کورد چاوەڕوانی دەربڕینی هەڵوێستێکی ڕۆنی نەتەوەییە لەلایەن حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە. بێدەنگیی حکوومەتی هەرێم بەرامبەر سووتاندنی کێڵگە و سامانی دانیشتوانی گوندەکانی سەرسنوور و، ئاوارەبوونی سەدان بنەماڵەی کورد و، خۆگێلکردن سەبارەت بە پیلانی داگیرکەران بۆ لەنێوبردنی بزاڤی گەلی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستان، لەدوارۆژدا بوونی حکوومەتی هەرێم بەرەوڕووی مەترسیی گەورە دەکاتەوە. حکوومەتی هەرێم دەتوانێت بەمەبەستی گوشارخستنەسەر ڕژێمەکانی داگیرکەری تورکیا و ئێران، هەموو تواناکانی خۆی لەبواری پێوەندیی بازرگانی و دیپلۆماسی و ئابووریدا بخاتەخزمەتی کۆتاییهێنان بەهێرشی هاوبەشی ئێران و تورکیا و، کردنەوەی دەرگایەک بۆ وتووێژ و دانووستان بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشەی کورد لەهەموو بەشەکانیدا!**

**سەرکەوێت خەبات و تێکۆشینی یەکگرتووی نەتەوەی کورد، لەپێناو ڕزگاریی یەکجارەکی و، دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستاندا!**

**بژی ئازادیی، بژی سەربەخۆیی، بژی کوردستان!**

**کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان**

2010/7/21


**KNC** **www.rojavatv.org.uk** **knc@ribrahim.de**
**P.B. 205 Holmlia** **post@kncsite.com** **jeerkamil@yahoo.com**
**(1204 Oslo, Norway** **www.kncsite.com** **0044- 208 748 78 74**